دەستەی راوێژکاری یەکێتیی ئەورووپا لە عێراق









پێکەوە بەرەو عێراقێکی سەقامگیر و پارێزراو

دەربارەی ئێمە



دەستەی ڕاوێژکاری یەکێتیی ئەورووپا لە عێراق (EUAM Iraq) نێردەیەکی مەدەنیی یەکێتیی ئەورووپایە بەگوێرەی سیاسەتی هاوبەشی ئاسایش و بەرگری (CSDP) ، کە ڕاوێژی ستراتیژیی و تواناسازیی پێشکەش دەکات لە پێناو بەهێزکردنی چاکسازیی کەرتی ئاسایشی عێراق و وەڵامدانەوەی دامەزراوەکان بۆ تیرۆر و تاوانی ڕێکخراو و تووندڕەویی تووندوتیژ. لە چوارچێوەی ئەرکەکەیدا، کە تا تشرینی یەکەمی ٢٠٢٨ بەردەوام دەبێت، دەستەی ڕاوێژکاری یەکێتیی ئەورووپا لە عێراق پشتیوانیی لە جێبەجێکردنی ستراتیژی ئاسایشی نیشتمانیی (NSS) عێراق دەکات هاوکات لەگەڵ بەرەودان بە سەروەریی یاسا و مافەکانی مرۆڤ و بەهێزکردنی پێگەی ژنان.

دەستەی ڕاوێژکاری یەکێتیی ئەورووپا لە عێراق بە شێوەیەکی سەرەکیی لەگەڵ دەستەی ڕاوێژکاریی ئاسایشی نەتەوەیی (ONSA) و وەزارەتی ناوخۆ کار دەکات بۆ بەهێزکردنی توانای دامەزراوەکانی عێراق و پشتیوانیی کردن لە دارشتن و جێبەجێکردنی ستراتیژەکانی ئاسایشی نیشتمانیی و بەهێزکردنی هەماهەنگیی نێوان یەکێتیی ئەورووپا و وڵاتانی ئەندامی یەکێتی ئەورووپا و پەیمانی ناتۆ و نەتەوە یەکگرتووەکان و هاوبەشە نێودەوڵەتییەکانی تر. ئەم هەوڵانە هاوبەشیی دەکەن لە پەرەپێدانی سیستەمێکی ئاسایشی کاریگەرتر و بەرپرسیارتر دا، لەپێناو عێراقێکی سەقامگیر و پارێزراو.



- **دامەزراندن:** تشرینی یەکەمی ٢٠١٧
- ماوەی ئەرکی ئێستا: ١ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٦ تا ٣١ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٨

هێزی پێشنیازکراو
نێودەوڵەتیی: ٨٣
ناوخۆیی: ٣٢

سەرۆکی دەستە
رالف شرودر

شوێن
بەغداد و هەولێر

هاوبەشە سەرەکییەکانمان

هاوبەشە سەرەکیە عێراقییەکانمان بریتین لە وەزارەتی ناوخۆ و دەستەی راوێژکاریی ئاسایشی نەتەوەیی و دەستە و دامەزراوە و ڕێکخراوە سەرەکییە دەوڵەتیی و نادەوڵەتیەکانی تر کە پەیوەندییان بە چاکسازیی کەرتی ئاسایشی مەدەنییەوە هەیە.

بارەگای سەرەکیی دەستەی راوێژکاری یەکێتیی ئەورووپا لە عێراق دەکەوێتە شاری بەغداد. هەروەها ئامادەیی هەرێمیشمان هەیە لە هەولێر، پایتەختی هەرێمی کوردستانی عێراق. لەگەڵ ئەوەشدا، دەستەکە کاری هاوبەش و چالاکیی لەسەر ئاستی پارێزگاکانیش ئەنجام دەدات بۆ باشترکردنی شێوازی بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی لەسەر ئاستی فیدراڵیی.

حکومەتی عێراق

دەستەی راوێژکاریی ئاسایشی نەتەوەیی

حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی ناوخۆ

وەزارەتی ڕۆشنبیریی و گەشتوگوزار و شوێنەوار

یەکێتیی ئەورووپا

بەرنامەی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدان (UNDP) لە عێراق

نوێنەرایەتی ناتۆ - عێراق

ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) لە عێراق



دەستکەوتە سەرەکییەکان

١. دەستەی ڕاوێژکاری یەکێتیی ئەورووپا لە عێراق هاوکار بوو لە دارشتنی ستراتیژی ئاسایشی نیشتمانیی ٢٠٢٥–٢٠٣٠ بە سەرکردایەتیی عێراق و دانانی میکانیزمەکان بۆ جێبەجێکردنی بە شێوەیەکی کاریگەر. ستراتیژەکە لە ئایاری ٢٠٢٥ بە شێوەیەکی فەرمیی لەلایەن سەرۆکوەزیرانەوە پەسەند کرا و لە ٤ی ئابی ٢٠٢٥ بە فەرمیی ڕاگەیەندرا.

٢. دەستەی راوێژکاری یەکێتیی ئەورووپا پشتیوانییەکی سەرەکیی پێشکەشکرد بە دەسەڵاتدارانی عێراق لە دارشتنی «ستراتیژی نیشتمانیی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر ٢٠٢٦–٢٠٣٠» و «ستراتیژی چاکسازیی کەرتی ئاسایش ٢٠٢٤–٢٠٣٢»، و «ستراتیژی تاوانی ڕێکخراو ٢٠٢٣–٢٠٢٧». هەروەها «ستراتیژ و پلانی کاری بەڕێوەبردنی یەکخراوی سنوورەکان» کە لە مانگی ئاداری ٢٠٢٥دا کارەکانی کۆتایی پێهێنرا.

٣. ئەنجامدانی ڕاهێنانێکی بەرفراوانی «فەرماندەیی و کۆنترۆڵ و بەڕێوەبردنی قەیرانەکان» بە بەشداریی ١٢٠ کەس کە سیستەمەکانی فەرماندەیی و وەڵامدانەوەی قەیرانەکانی لە عێراق بەهێز کرد لەنێویاندا بەڕێوەبردنی قەیرانی ژینگەیی بەمەش ئاستی ئامادەباشیی گشتیی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانەکان بەرزبۆتەوە.

٤. یەکەمین «بەرنامەی پەرەپێدانی سەرکردایەتیی ژنان»، کە لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە پەسەند کرابوو، لە ساڵی ٢٠٢٤ دامەزرا و ٥٢ کادیر و ژنی سەرکردەی ئێستا و داهاتووی لە وەزارەتی ناوخۆ پێگەیاندووە.

٥. لەڕێگەی لەنزیکەوە کارکردن لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتیی مافی مرۆڤ لە وەزارەتی ناوخۆ، خولی دووەمی ڕاهێنانی «کاری پۆلیس لەسەر بنەمای مافەکانی مرۆڤ» بەڕێوەچوو. نۆ دانیشتنی دوو ڕۆژە لە بەغداد و بەسرە و موسڵ و هەولێر ئەنجام دران کە نزیکەی ٢٥٠ ئەفسەر و کارمەندی وەزارەتی ناوخۆ لە سەرجەم ١٩ پارێزگاکە و هەرێمی کوردستانی عێراق بەشداربوون. هەروەها چوار لە ووێرکشۆپەکان بە هاوبەشیی لەگەڵ نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر ڕێکخرابوون.

٦. لە بوارەکانی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و ڕێگریکردن و بەرەنگاربوونەوەی توندڕەویی توندوتیژدا، دەستەی راوێژکاری یەکێتیی ئەورووپا لە کاتی ئەنجامدانی ووێرکشۆپەکاندا هەلی سوودوەرگرتن لە باشترین ئەزموونەکانی یەکێتیی ئەورووپای فراوانتر کرد.

٧. هەروەها دەستەی راوێژکاری یەکێتیی ئەورووپا سەرنجی خستە سەر ڕەخساندنی هەماهەنگیی ئاسۆیی لەگەڵ وڵاتانی ئەندامی یەکێتیی ئەورووپا و ئەنجامدانی ئاڵوگۆڕی دوولایەنە لە ڕێگەی سەردانی مەیدانیی بۆ چەند وڵاتێکی ئەندامی یەکێتیی ئەورووپا. هەروەها ئەنجامدانی ڕاهێنانی ڕاهێنەران (ToT) لەگەڵ ئاژانسی هەواڵگریی و لێکۆڵینەوەی فیدراڵیی و ڕاهێنانی تێگەیشتن لە ڕەفتار بۆ ئەفسەرانی ئاژانسی ئاسایشی نەتەوەیی عێراق کە بوونە هۆی بەهێزکردنی تواناکانی دامەزراوە ناوخۆییەکانی عێراق.

٨. بەهەماهەنگیی لەگەڵ حکومەتی عێراق، دەستەی راوێژکاری یەکێتیی ئەورووپا پشتیوانییکرد لە کردنەوەی سەنتەری نەهرەین بۆ توێژینەوە ستراتیژییەکان (ANCSS) ، کە دەستکەوتێکی گرنگ و بەرچاو بوو و ڕەنگدانەوەی پابەندبوون بوو بە شەفافییەت ولێپرسراوێتیی و حوکمڕانیی باش.


٩. تەواوبوونی "داتابەیسی نیشتمانیی بۆ پاراستنی میراتی کولتووریی بەشێوەی ئەزموونی"، ئەمەش ئامرازێکی بۆ ئاژانسی هەواڵگریی و لێکۆڵینەوەی فیدراڵیی فەراهەم کرد بە مەبەستی هاوکاریکردن لە پاراستنی میراتی کولتووریی عێراق دژی تاوانی ڕێکخراو و دەستنیشانکردنی پارچە شوێنەوارە ونبوو و دزراوەکان.

دەستەی راوێژکاریی ئەوروپا لە عێراق بە ژمارە

ئەندامانی تیمەکەمان*


کارمەندانی نێودەوڵەتیی

٧٠
ژن
پیاو




کارمەندانی ناوخۆیی

٣٠
ژن
پیاو




چالاکییەکان

١٩٨ چالاکیی‌تواناسازیی** لەسەرتاسەری عێراق، کە ٥٨١ کەس بەشداربوون و ٢١٪یان ژنان بوون. لە کاتێکدا زۆربەی چالاکییەکان لە بەغداد ئەنجامدران، سەرتاسەری هەرێمی کوردستانی عێراق و بەسرەشیان گرتەوە.



*داتاکان تاوەکو ئەیلولی ٢٠٢٦ دەگرێتەوە
** ژمارەکان بۆ مەودای ئەرکی ٢٠٢٤ بۆ ٢٠٢٦





بواره سەرەکییەکان

١. چاکسازی کەرتی ئاسایش (SSR) و ستراتیژی نیشتمانیی ئاسایش (NSS)

دەستەی راوێژکاری یەکێتیی ئەورووپا لە عێراق راوێژ پێشکەش دەکات سەبارەت بە یاسادانان و ستراتیژ و چوارچێوە ئۆپەراسیۆنییەکانی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر بە مەبەستی بەهێزکردنی توانای عێراق بۆ ئاشکراکردن و ڕێگرتن و وەڵامدانەوەی هەڕەشە تیرۆریستییەکان. ئەمەش بەهێزکردنی هاوکاریی نێوان دەزگاکان و ئاڵوگۆڕی زانیاریی لە نێوان لایەنە ئەمنییە پەیوەندیدارەکانی عێراق لەخۆدەگرێت.

٢. بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر

دەستەی راوێژکاری یەکێتیی ئەورووپا لە عێراق پشتیوانیی لە پەرەپێدان و جێبەجێکردنی ڕەهەندە مەدەنییەکانی ستراتیژی ئاسایشی نیشتمانیی عێراق و چاکسازیی لە کەرتی ئاسایش دەکات. ئەمەش لەڕێگەی پێشکەشکردنی راوێژ لەسەر دارشتن و جێبەجێکردنی بەڵگەنامە ستراتیژییە نیشتمانییە سەرەکییەکان، لەگەڵ پێشکەشکردنی شارەزایی لە شێوەی ڕاهێنانەکانی بنیادنانی توانا بۆ لایەنە هاوتا عێراقییەکان.

٣. تاوانی ڕێکخراو

دەستەی راوێژکاری یەکێتیی ئەورووپا لە عێراق پشتیوانی لە دەسەڵاتدارانی عێراق دەکات لە ڕووبەڕووبوونەوەی تاوانی ڕێکخراو، لەوانە: بازرگانیکردن بە مادە هۆشبەرەکان و سپیکردنەوەی پارە و تاوانی دارایی و تاوانی ئەلیکترۆنیی (سایبەری) و بازرگانیی نایاسایی بە شوێنەوارە کولتوورییەکان. هەروەها ڕاوێژی ستراتیژی و پشتیوانیی بنیادنانی توانا پێشکەش بە دامەزراوە سەرەکییەکان دەکات، وەک ئاژانسی هەواڵگریی و لێکۆڵینەوەی فیدراڵیی و نووسینگەی بەرەنگاربوونەوەی سپیکردنەوەی پارە.

٤. بەرەنگاربوونەوەی تووندڕەویی تووندوتیژ

دەستەی راوێژکاری یەکێتیی ئەورووپا لە عێراق پشتیوانیی لە هەوڵەکانی ڕێگریکردن و بەرەنگاربوونەوەی تووندڕەویی تووندوتیژ دەکات، لە ڕێگەی چارەسەرکردنی هۆکارە بنەڕەتییەکانی و پەکخستنی سەرچاوە دارایییەکانی تیرۆر و بەهێزکردنی ڕێکارەکانی ڕێگریکردن. ئەمەش بریتییە لە چارەسەرکردنی ئەو بارودۆخ و گوتارە بنەڕەتییانەی کە دەبنە هۆی ڕەگداکوتانی تووندڕەویی تەریب لەگەڵ هەوڵەکان بۆ وشککردنی دابینکردنی دارایی تیرۆر و پەکخستنی ئەو تۆڕانەی کە بەردەوامیی پێدەدەن.

ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و پابەندبوون بە کارنامەی ژنان و ئاشتیی و ئاسایش و پاراستنی ژینگە لە سەرجەم بوارەکاندا لە چەقی کارەکانی دەستەی راوێژکاری یەکێتیی ئەورووپا لە عێراق دەمێننەوە.

دەستەی راوێژکاری یەکێتیی ئەورووپا لە عێراق و ڕێبازی یەکخراوی یەکێتیی ئەورووپا








ئێمە لە دەستەی راوێژکاری یەکێتیی ئەورووپا لە عێراق، ڕێبازی یەکخراوی یەکێتیی ئەورووپا لە کارەکانماندا پەیڕەو دەکەین. ئەمەش بە مانای کۆکردنەوەی ئەو دامەزراوە جیاوازانەی عێراق دێت کە لە کەرتی ئاسایشی مەدەنییدا کار دەکەن و زۆرجار بە جیا لە یەک کار دەکەن. هەروەها یارمەتیدانیان بۆ ئەوەی زیاتر لە نزیکەوە پێکەوە کار بکەن. هاوکات، بە واتای بەرەودان بە هاریکاریی نێوان دامەزراوە عێراقییەکان و هاوبەشە ئەورووپییەکان دێت، بە شێوەیەک کە دەرفەتی ئاڵوگۆڕی شارەزایی و باشترین شێوازەکانی کارکردن و بنیادنانی هاوبەشکاریی دڕێژخایەن فەراهەم بکات.

ئەمەش لە ڕێگەی چالاکییەکانی وەک ووڕکشۆپی هاوبەش و کۆبوونەوەکانی هەماهەنگیی و سەردانی مەیدانیی بۆ دامەزراوە پەیوەندیدارەکان لە ئەورووپا بەدی دێت، کە تێیدا هاوتا عێراقییەکان دەتوانن ئەزموون لەگەڵ پسپۆڕانی ئەورووپیی و وڵاتانی ئەندامی یەکێتی ئەورووپا ئاڵوگۆڕ بکەن.

بە پشتبەستن بەم ڕێبازە یەکخراوە، دەستەی راوێژکاری یەکێتیی ئەورووپا لە عێراق کار دەکات بۆ بەهێزکردنی دامەزراوەی لێپرسراو و کارا و کە خەڵک چەقی بایەخدانیان بێت و وەڵامدەرەوەی پێداویستییەکانی سەرجەم عێراقییەکان بن، هاوکات ئاسایشی مرۆیی دەخاتە چەقی هەوڵەکانییەوە.

دەستەی راوێژکاری یەکێتیی ئەورووپا لە عێراق لە چوارچێوەی سیاسەتی هاوبەشی ئاسایش و بەرگریی یەکێتیی ئەورووپا (CSDP)



دەستەی راوێژکاری یەکێتیی ئەورووپا لە عێراق یەکێکە لە ئەرکە مەدەنییەکانی سیاسەتی هاوبەشی ئاسایش و بەرگریی یەکێتی ئەورووپا (CSDP) کە ڕێگە بە یەکێتیی ئەورووپا دەدات ئامرازە مەدەنیی و پۆلیسیی و سەربازییەکان بەکاربهێنێت بۆ پێشگیریکردن لە قەیران و ئەرکەکانی بەڕێوەبردنی قەیران و شیاندنەوەی دوای قەیران بە مەبەستی بەهێزکردنی ئاسایشی نێودەوڵەتیی. CSDP، چ مەدەنیی بن و چ سەربازیی، لە ڕێگەی بەشداریکردن لە سەقامگیریی خۆجێیی و ناوچەییدا، لە کۆتاییدا ئامانجیان بەشداریکردنە لە پاراستنی ئاسایشی ئەورووپاشدا .



www.euam-iraq.eu

EUAM Iraq

© EUAM Iraq ٢٠٢٦ .هەموو مافەکانی چاپ و بڵاوکردنەوە پارێزراون